دوو خوشکی خوێندکاری کۆلیژی تەکنیکیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەستگیرکران

ڕۆژی یەکشەممەی رابردوو (2023/8/13)، دوو خوشکی خوێندکاری کۆلیژی تەکنیکیی کچانی سنە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە ناوەکانی زیلان مەلایی و زریان مەلایی دوای هەرشکردنی هێزە ئەمنییەکان بە سەر ماڵەکیان دەستگیرکران و گوازراونەتەوە بە شوێنێکی نادیار.

تۆڕی مافەکانی مرۆڤی کوردستان ئاماژەی بەوەدا کە ئەم دوو خوێندکارە بەبێ مەتەلی یاسایی دەستبەسەر کراون و تا ئێستا لەسەر ئەو تەمەتانەی ڕووبەڕوویان کراوەتەوە هیچ زانیارییەک بەردەست نەکەوتووە.

زیلان مەلایی خوێندکاری بەکالۆریۆسی بیناسازیی کۆلیژی تەکنیکیی کچانی سنە و زریان مەلایش خوێندکاری پلەی کاردانی (associate)ی بیناسازییە لە هەمان زانکۆدا.

بەپێی ئامارە کەکراوەکانی تۆڕی مافەکانی مرۆڤی کوردستان، لە مانگی ئابردوودا بە لانیکەم 54 هاووڵاتی و چالاکی کورد لە شارە جیاوازەکانی پارێزگاکانی ئازربایجانی ڕۆژئاوا، کوردستان، کرماشان، ئیلام و تاران، بە تەمەتی سیاسی لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە دەستبەسەر کراون.